# پیر کێیە و چی دەکات؟
# ڕۆڵی پیرەکان لە
# کڵێسای ئیمانوێڵی ئینجیلی

١٠ی ٢٠٢٥ نووسراوە

# ناوەڕۆک

ناوەڕۆک ........ 2
پێشەکی........ 3
پیر کێیە؟........ 4
بەرپرسیارێتی پیرەکان چین؟........ 6
پیر چۆن رابەرایەتی دەکات؟ ........ 8
ئەندامان چۆن دەبێت پەیوەندییان بە پیرەکانەوە هەبێت؟........ 9
ئایا دەبێت پیر بڕوانامەی زانکۆیی لە لاهووتناسی ئینجیلی هەبێت؟........ 11
کلێسا دەبێت چەند پیری هەبێت؟ ........ 12
ئایا دەبێت پیر مووچە وەربگرێت یان بە فولتایم بۆ کلێسایەک کار بکات؟ ........ 14
تا کەی کەسێک دەتوانێت وەک پیر خزمەت بکات؟ ........ 16
چۆن پیرێک لا دەبردرێت لە پێگەکەی؟........ 16
پرۆسەی هەڵبژاردنی پیرێک لە کلێساکەماندا چۆنە؟........ 17
پرۆسەی پشکنینی کاندیدەکە بۆ پێگەی پیر ........ 19

## پێشەکی

لە کڵێساکەدا دوو پێگە هەیە کە لە کتێبی پیرۆزدا باسیانکراوە، ئەوانیش بریتین لە پیر و خزمەتکار. پیرەکان بە پلەی یەکەم بەرپرسیارن لە فێرکردن و رابەرایەتیکردنی کڵێسا. خزمەتکارانیش بە شێوەیەکی سەرەکی بەرپرسیارن لە دابینکردن و بەڕێوەبردنی کاروبارە کارگێڕییەکانی کڵێسا. هەردووکیان، پیران و خزمەتکاران، پێویستیان بە هەبوونی سیفەتی خواییانە هەیە وەک ئەوەی لە کتێبی پیرۆزدا باسکراوە، بەڵام شایانی باسە کە خزمەتکاران بەرپرسیار نین لە فێرکردن لە کڵێسادا. ئەم دۆکیۆمێنتە تەنها باس لە هەموو ئەو شتانە دەکات کە پەیوەندییان بە پیرەکانەوە هەیە لە کڵێسای ئیمانوێڵی ئینجیلی.

کتێبی پیرۆز وشەکانی چاودێر (یەکەم تیمۆساوس ٣: ١) و شوان یان مامۆستا (ئەفەسۆس ٤: ١١؛ یەکەم پەترۆس ٥: ٢) بەکاردەهێنێت بۆ وەسفکردنی پیرێک. وشەکانی چاودێر و شوان و پیر سێ پێگەی جیاواز نین، بەڵکو سێ ناون بۆ هەمان پێگە. بەڵام لە زمانی ڕۆژانەدا وشەی قەشە بەکاردەهێنین، کەچی لە کتێبی پیرۆزیشدا بەکارنەهێنراوە. من لەم دۆکیۆمێنتەدا وشەی پیر هەڵدەبژێرم و بەکاریدەهێنم، چونکە باوترین وشەیە لە کتێبی پیرۆزدا بۆ ئەو پێگەیەی کڵێسا.

## پیر کێیە؟

وشەی پیر بەو مانایە نییە کە دەبێت کەسەکە بە تەمەن پیر بێت. واتە هیچ پەیوەست نییە بە تەمەن. دەکرێ گەنجێک ببێتە پیر لە کڵێسا بە مەرجێک کە مەرجەکانی کتێبی پیرۆزی تێدا بێتە دی. تیمۆساوس گەنج بوو. بڕوانە لە یەکەم تیمۆساوس ٤: ١٢ پۆڵس پێی دەڵێت: "با کەس سووکایەتی بە گەنجییەتیت نەکات، بەڵکو ببە بە نموونە بۆ باوەڕداران لە قسە و ڕەفتاردا، لە خۆشەویستی و باوەڕ و پاکیتدا."

یەکەم تیمۆساوس ٣: ١-٧ بەم جۆرە باس لە مەرجەکانی پیر دەکات:

١ ئەم قسەیە ڕاستە: ئەگەر یەکێک چاوی لە چاودێری بێت، حەزی لە چاکەکارییە. ٢ چاودێر دەبێت گلەیی لەسەر نەبێت، مێردی یەک ژن بێت، وریا و ژیر و بەڕێز و میوان دۆست بێت، بتوانێت خەڵک فێربکات، ٣ سەرخۆش و توندوتیژ نەبێت، بەڵکو دڵنەرم بێت، شەڕفرۆش نەبێت، حەزی لە پارە نەبێت. ٤ خێزانەکەی باش بەڕێوە ببات، منداڵەکانی بەوپەڕی ڕێزەوە ملکەچ بن. ٥ ئەگەر کەسێک نەزانێت خێزانەکەی بەڕێوە ببات، چۆن چاودێری کڵێسای خودا دەکات؟ ٦ تازە نەبێت لە باوەڕ، نەوەک لووتبەرز بێت و هەمان سزای شەیتانی بەسەردا بدرێت. ٧ دەبێت ناوبانگی باش بێت لەلای ئەوانەی لە دەرەوەن، نەوەک قسەی بێتە سەر و بکەوێتە بەر داوی شەیتان.

پیر پیاوێکی خواییە و مەرجەکانی یەکەم تیمۆساوس ٣: ١-٧ و تیتۆس ١: ٦-٩ تێدا هاتۆتە دی و لەلایەن ئەندامانی کڵێسایەکەوە هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی ڕابەڕایەتی کڵێسا بکات لەسەر بنەمای ئەم خاڵانە خوارەوە:

١- باوەڕداران فێربکات لەسەر بنەمای کتێبی پیرۆز

٢- ببێتە نموونەیەکی باڵای ژیانێکی خواییانە

٣- چاودێریکردنی کاروبار و ئەندامانی کڵێسا

پیرەکان دیاری خودان بۆ کڵێسا، تا بە گوێرەی فەرمانەکانی خودا بۆ شکۆمەندی خودا رابەرایەتی لە کڵێسادا بکەن.

سیما و تەندروستی و کاریگەری هەر کڵێسایەک پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە جۆری رابەراتیکردنی پیرەکانەوە هەیە. کڵێساکان دەبێت نوێنەرایەتی ناوی مەسیح بکەن بۆ تەواوی جیهان. هەر بۆیە کتێبی پیرۆز جەخت لەسەر گرنگی رابەرایەتیکردنێکی شایستەی کڵێسا دەکاتەوە و مەرجی تایبەت دادەنێت بۆ ئەو کەسانەی کە لەم پێگەیەدان.

لە کاتێکدا ئێمە باوەڕمان وایە کە ڕۆڵ و پێگەی خزمەتکاران دەکرێ بۆ ژن و پیاو بێت، بەڵام باوەڕیشمان وایە کە کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات (یەکەم تیمۆساوس ٢: ١٢) کە تەنها پیاوان دەتوانن وەک پیر خزمەت بکەن.

## بەرپرسیارێتی پیرەکان چین؟

- ئامادەکردنی وتار و وتاردان بەگوێرەی بنەماکانی کتێبی پیرۆز (٢ تیمۆساوس ٤: ٢)
- تەرخانکردنی کاتێکی چڕوپڕ بۆ نوێژکردن (کردار ٦: ٤)
- ژیانێکی خواییانە بژین تا ببنە نموونەیەکی باڵا و ئەندامەکان چاویان لێ بکەن (یەکەم تیمۆساوس ٤: ١٢)
- ماڵ و منداڵ و خێزانەکەی خۆی بە باشی بەڕێوە ببات (یەکەم تیمۆساوس ٣: ٤-٥)
- چاودێری و شوانێتی ئەندامەکان بکات (یەکەم پەترۆس ٥: ٢)
- پشکنینی باوەڕ و فێرکردنی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ ببنە ئەندامی کڵێساکە. پاشان پێشنیاکردنی ئەو کەسانەی کە پێیان شایستەن بۆ بوونە ئەندام لە کڵێساکە.
- پێشنیارکردنی کاندیدەکان بۆ بوون بە خزمەتکار یان پیری کڵێساکە.
- سەرپەرشتی کاری خزمەتکاران.
- ڕێکخستنی کۆبوونەوەی پەرستشی هەفتانە و کۆبوونەوەکانی تری کڵێسا.
- بەڕێوەبردنی ڕێوەرەسمی لەئاوهەڵکێشان و نانلەتکردن.
- سەرپەرشتیکردنی سەرچاوە و خزمەتەکانی کڵێسا
- سەرپەرشتیکردنی دارایی کڵێسا و ئامادەکردنی بودجەیەکی ساڵانە بۆ بەڕێوەبردنی دارایی کڵێساکە.

- ئامادەکردنی ئەندامان بۆ کاری خزمەتی کڵێسا (ئەفەسۆس ٤: ١١-١٢)
- پاراستنی کڵێسا لە فێرکاری ناڕاست و سەرزەنشتکردنی بەرهەڵەستکاران (تیتۆس ١: ٩-١٦)
- دروووستکردن و پێگەیاندنی پیری تر بۆ کڵێساکە (دووەم تیمۆساوس ٢:٢)
- سەرپەرشتیکردنی پرۆسە و هەنگاوەکانی راستکردنەوەی کڵێسایی بۆ هەر ئەندامێک کە لە مەسیح و کڵێسا لابدات
- هەوڵدان و یارمەتیدان بۆ درووستکردنی کڵێسای تر
- رابەرایەتیکردنی کڵێسا بۆ مزگێنی بردن بۆ گەلانی تر
- درووستکردن و پاراستنی پەیوەندی و کاری هاوبەش لەگەڵ کڵێساکانی تر.
- دەبێت پیرەکان لەوە دڵنیا بن کە هەموو ئەوانەی خزمەتی وشەکە دەکەن دەبێت هەمان بنەمای باوەڕیان هەبێت سەبارەت بە پرسی رزگاربوون، ئەمە تەنها بۆ ئەندامانی کڵێساکە نییە، ئەوانەش دەگرێتەوە کە لە دەرەوە دێن بۆ وتاردان لە کڵێساکە.

## پیر چۆن رابەرایەتی دەکات؟

پیر بەپێی پێوەرەکانی ئەم دونیایە رابەرایەتی ناکات. بەپێی زۆرێک لە کولتوورەکان، رابەر یان سەرکردە کەسێکە کە هەموو ئەوانی تر دەخاتە خوارەوەی خۆی تا خۆی گەورەتر ببێت. سەرکردە دونیاییەکان هەموو دەسەڵاتیان بۆ خۆیان دەوێت، کاتێکیش سەرکردەی تر درووست دەبن هەست بە مەترسی و هەڕەشە لەسەرخۆیان دەکەن. ئەوان سیستەمێک دانانێن کە تێیدا لێپرسینەوە و شەفافیەت لەخۆی بگرێت، بەڵکو دەیانەوێ هەموو شتێک لە رێگە و بڕیاری ئەوانەوە ئەنجام بدرێت. رابەرە دونیاییەکان دەسەڵاتی خۆیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردەهێنن و دەیانەوێت کەسانی دیکە خزمەتیان بکەن.

بەڵام پیرەکان، رابەرانی کڵێسا، پێچەوانەی ئەمەن. ئەوان دەبێ رابەری خۆبەکەمزان بن و خزمەت بە کەسانی تر بکەن. نابێت پێگەی رابەرایەتی وایان لێبکات لە ئەندامەکان دوور بن، بەڵکو دەبێت لە ئەندامەکان نزیک بن و گرنگیان پێبدەن و خۆشیان بوێن. ئەوان نابێت پێگە یان دەسەڵاتی خۆیان بەکاربهێنن بۆ ئەوەی خۆیان گەورەتر بکەن، بەڵکو بە خۆبەکەمزانیانەوە خەڵک دەبەن بۆ لای مەسیحی پەروەدگارمان. پیرە باشەکان هەوڵدەدەن یارمەتی کەسانی تریش بدەن تا وەک پیر گەشە بکەن، بۆ ئەوەی یارمەتی کڵێسا بدەن بەهێزتر بێت و تەنها وابەستەی ئەو نەبێت.

## ئەندامان چۆن دەبێت پەیوەندییان بە پیرەکانەوە هەبێت؟

پیرەکان مرۆڤی کامڵ نین. ئەوانیش مرۆڤی لاوازن و ئەگەری کەوتنە ناو گوناهیان هەیە، ئەوانیش پێویستیان بە نیعمەتە. بۆیە پێویستە ئەندامان پیرەکان وەک برایەک لە مەسیحدا ببینن و نیعمەتیان پێببەخشن و هانیان بدەن لەکاتێکدا کە ئەوان هەوڵدەدەن بە دڵسۆزییەوە رابەرایەتی کڵێسا بکەن.

لە خوارەوە سێ ڕێگا دەخەینە ڕوو کە ئەندامان پێویستە لەرێگەیەوە پەیوەندییان بە پیرەکانەوە هەبێت.

- **یەکەم: ئەندامان پێویستە ڕێز لە پیرەکان بگرن.**

یەکەم سالۆنیکی ٥: ١٢-١٣ دەڵێت: "ئیتر خوشکان و برایان، داواتان لێ دەکەین ڕێزی ئەوانە بگرن کە لەنێوتاندا زەحمەت دەکێشن و بە یەکبوون لەگەڵ مەسیحی باڵادەستدا سەرپەرشتی و ئامۆژگاریتان دەکەن، لەبەر کارەکانیان ئەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستییان بۆ دەربڕن. بە ئاشتی لەگەڵ یەکتری بژین."

پیرەکان بە کۆدەنگی لەلایەن ئەندامانەوە هەڵدەبژێردرێن و وەک دیاریش لەلایەن خوداوە بە کڵێسا دراون تا دڵسۆزانە رابەرایەتی کڵێساکە بکەن بۆ ژیان لە پێناو مەسیح. بۆیە پێویستە ئەندامان پیرەکانیان خۆشبوێت و ڕێزیان لێبگرن، چونکە ئەوان کەسانێکن یارمەتی ئەندامەکان دەدەن کە لە مەسیحدا پێبگەن و گەشە بکەن. ئەندامان پێویستە پیرەکان بە رابەری خۆیان دابنێن و لێیانەوە فێر بن، دەبێت

متمانەیان بەوە هەبێت کە پیرەکان کار بۆ چاکەی ئەندامان دەکەن تەنانەت ئەگەر هاوڕاش نەبن لەگەڵ بڕیارەکانیان.

- **دووەم: ئەندامان پێویستە گوێڕایەڵ و ملکەچی پیرەکان بن**

عیبرانییەکان ١٣: ١٧ دەڵێت: "گوێڕایەڵی ڕابەرەکانتان بن و ملکەچیان بن، چونکە ئێشکتان بۆ دەگرن، وەک بڵێی حیسابیان پێشکەشی خودا دەکەن، تاکو بە شادییەوە ئەمە بکەن نەک بە بێزاری، چونکە ئەمە زیانی بۆتان دەبێت."

ئەگەر پیرەکان بەپێی کتێبی پیرۆز رابەرایەتی بکەن، ئەوا پێویستە ملکەچی دەسەڵاتی پیرەکان ببن، چونکە ئامۆژگاری و فێرکردنیان بۆ چاکەی ئەندامەکانە  نەک خۆیان. پێویستە ئەندامان بە وردی گوێ لە فێرکاری پیران بگرن و هەوڵی جێبەجێکردنی بدەن لە ژیانیاندا، چونکە ئەوان فێرتان دەکەن لەسەر بنەمای وشە و ئایەت و فەرمانەکانی خودا. پێویستە لە بڕیارە سەرەکییەکانی ژیاندا داوای ڕێنمایی لە پیرەکان بکەن و گوێ لە راوێژ و ئامۆژگارییەکانیان بگرن بە مەرجێک بەپێی کتێبی پیرۆز بێت.

شایانی باسە کە ئەندامان بەرپرسیارن لە دڵنیابوون لەوەی کە فێرکاری پیرەکان بەپێی کتێبی پیرۆزە یان نا. پێویستە ئەندامان هەڵسەنگاندن بۆ فێرکردن و ئامۆژگاری پیرەکان بکەن. بۆ نموونە، خەڵکی شاری بیریە لە نووسراوە پیرۆزەکان ورد دەبوونەوە تا دڵنیابنەوە لەوەی ئەو شتانەی کە پۆڵس باسیان دەکات راستن. کردار ١٧: ١١ دەڵێت: "خەڵکی بیریە لە سالۆنیکییەکان تێگەیشتووتر بوون، چونکە بەوپەڕی

پەرۆشییەوە پەیامەکەیان وەرگرت و بۆ دڵنیابوون لە ڕاستیی قسەکانی پۆڵس، ڕۆژانە لە نووسراوە پیرۆزەکان ورد دەبوونەوە."

- **سێیەم: ئەندامان پێویستە لاسایی پیرەکان بکەنەوە**

عیبرانییەکان ١٣: ٧ دەڵێت: "ڕابەرەکانتان لەیاد بێت، ئەوانەی باسی وشەی خوداتان بۆ دەکەن، تەماشای سەربوردەیان بکەن و لاسایی باوەڕیان بکەنەوە."

ئەندامان پێویستە لە یەک کاتدا لەبەر چەند هۆکارێک هەم چاو لە ژیانی پیرەکان بکەن، و هەمیش چاودێریان بکەن. یەکێک لە هۆکارەکان بۆ چاودێریکردنیان ئەوەیە کە یارمەتی پیرەکە بدەن بە دڵسۆزی بۆ مەسیح بمێنێتەوە. هەروەها لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت بۆ ئەوەی لە سەرووی لێپرسینەوە نەبێت، ئەگەر پێویستیش بوو، راست بکرێتەوە. هەروەها پێویستە ئەندامان چاو لە ژیانی پیرەکانیش بکەن و کاتیان لەگەڵ بەسەر ببەن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە زیاتر بیانناسن و لێیانەوە فێربن و لاسایی ژیان و باوەڕیان بکەنەوە لە شوێنکەوتنی مەسیح.

## ئایا دەبێت پیر بڕوانامەی زانکۆیی لە لاهووتناسی ئینجیلی هەبێت؟

بێگومان هەبوونی بڕوانامەیەک یارمەتیدەرێکی باش دەبێت، بەڵام مەرج نییە کە پیر بڕوانامەی هەبێت. تەنها لەبەر ئەوەی کەسێک بڕوانامەی لە زانکۆ هەیە مانای ئەوە نییە کە شایەنی ئەوەیە ببێتە پیر.

گرنگترین شت بۆ بوون بە پیر کە لە بڕوانامە گرنگترە، ئەو مەرجانەن کە کتێبی پیرۆز بۆ ئەوانی داناوە، کە پەیوەستە بە سیفەت و خۆشەویستی ئەوانەوە بۆ خودا و گەلەکەی. دەبێت پیر زۆر شارەزا بێت لە کتێبی پیرۆز تا بتوانێت بە باشی باوەڕداران فێر بکات و بەرگریش لە کڵێسا بکات لەبەرامبەر فێرکاری ناڕاست و ساختەی ئەوانی تر. بەدڵنیاییەوە بڕوانامەی زانکۆیی لە لاهووتناسی ئینجیلی یارمەتیدەرە لە ئامادەکردنی کەسێک بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانە، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ئەم زانین و تێگەیشتنە لە کتێبی پیرۆز کە لە رێگەی بڕوانامەوە وەری دەگریت، دەتوانرێت لە ڕێگەی کڵێسا و خوێندنی کەسیشەوە بەدەستبهێنرێت.

## کڵێسا دەبێت چەند پیری هەبێت؟

کتێبی پیرۆز ئاماژەی بە هیچ ژمارەیەکی دیاریکراو نەکردووە. بەڵام کاتێک کتێبی پیرۆز باسی پیران دەکات، زۆربەی کات بە زیاتر لە یەک وەسفیان دەکات. بۆ نموونە یاقوب ٥: ١٤ دەڵێت "با پیرەکانی کڵێسا بانگ بکەن بۆ نوێژکردن". یەکەم پەترۆس ٥: ١ دەڵێت: «بۆ پیرەکانی نێوانتان». کردار ٢٠: ١٧ دەڵێت: "پۆڵس لە میلیتۆسەوە ناردی بۆ ئەفەسۆس، بانگی پیرانی کڵێسای کرد."

ئەمانە تەنها چەند نموونەیەکن. بۆیە بەپێی کتێبی پیرۆز پێویستە کڵێسایەک زیاتر لە پیرێکی هەبێت. ڕەنگە پیرێک زیاتر لەوانی تر وتار بدات، بەڵام لە کتێبی پیرۆزدا نەهاتووە کە کڵێسایەک تەنها یەک پیری

هەبێت و بە تەنیا حوکمڕانی کڵێسا بکات. هەموو پیرانی ناو کڵێسا خۆجێییەکان یەکسانن لە ئاست بڕیاردان بۆ کڵێسا. نابێت هیچیان وەک دیکتاتۆرێک بەسەر ئەوانی تردا رەفتار بکات.

لەوانەیە حاڵەتێک هەبێت کە کڵێسایەک تەنها یەک پیری هەبێت، لەبەر نەبوونی شیاوی و مەرجەکانی کتێبی پیرۆز بۆ کەسانی ناو کڵێساکە. بێگومان هەبوونی تەنها یەک پیر لە کڵێسایەکدا باشترە لە هەبوونی چەند پیرێک کە شایستەی ئەوە نین ببن بە پیر. بەڵام بە گشتی هەبوونی تەنها یەک پیر باش نییە، تا بکرێ دەبێت زیاتر لە پیرێک لە کڵێسا هەبن. چونکە ئەگەر لە کڵێسادا تەنها یەک پیر هەبێت، ئەم پیرە ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی زۆر دەبن و رەنگە نەتوانێت بە تەنها ئەم هەموو ئەرکە جێبەجێبکات. بۆیە دەبێت بە جددی هەوڵبدات کە کار لە سەر پێگەیاندنی پیری تر لەناو کڵێساکەی بکات، یانیش لە دەرەوەی کڵێساکەی پیرێکی شایستە بدۆزێتەوە تا لەگەڵیدا رابەرایەتی کڵێساکە بکەن. بەگشتی ئەگەر پیاوانێک هەبن لە کڵێساکەدا کە ئارەزووی ئەوە دەکەن ببن بە پیر و مەرجەکانیان تێدایە و چاودێری ئەندامان دەکەن و راستیان دەکەنەوە، ئەوا باش دەبێت وەک پیر دەستنیشان بکرێن.

## ئایا دەبێت پیر مووچە وەربگرێت یان بە فولتایم بۆ کڵێسایەک کار بکات؟

نەخێر، مەرج نییە کە پیرەکان لەلایەن کڵێساوە موچەیان پێبدرێت. زۆرێک لە کڵێساکان پیرەکانیان کاردەکەن و بژێوی ژیانیان دابین دەکەن. نابێت پیرەکان وەک کارمەندێک بۆ کڵێسا کار بکەن. هەبوونی ئەو پیرانەی کە لە دەرەوە کار دەکەن و مووچە لە کڵێسا وەرناگرن نموونەیەکی گەورەن بۆ ئەندامان لەبارەی خزمەتکردنی کڵێسا و کارکردن بۆ بژێوی ژیانیشیان لە دەرەوەی کڵێسا.

پیرەکان بۆ پارە خزمەت ناکەن، "چونکە ئامادەن، وەک ئەوەی خودا دەیەوێت، بەدوای قازانجی ماددیدا ناگەڕێن، بەڵکو بە تامەزرۆییەوە خزمەت دەکەن" (یەکەم پەترۆس ٥: ٢). بەڵام کتێبی پیرۆز باسی ئەوەش دەکات کە خزمەتی پیر بەهادارە و شایەنی ئەوەیە لەبەرامبەریدا پشتگیری دارایی بکرێت (یەکەم تیمۆساوس ٥: ١٧-١٨). ئەگەر هەموو پیرەکان سەرقاڵی کارکردن بن بۆ بژێوی ژیانیان لە دەرەوەی کڵێسا، دەکرێ بۆیان قورس بێت کاتی پێویست تەرخان بکەن بۆ ئامادەکردنی وتارێکی باش و گرنگیدان بە ئەندامەکان و سەرپەرشتیکردنی کاروبارەکانی کڵێسا. ئەگەر هیچ پیرێک لە کڵێسا پاڵپشتی دارایی نەکرێت ئەوا زۆر باری قورس دەبێت، چونکە ناتوانێت کاتەکەی بە تەواوی تەرخان بکات بۆ کڵێسا. ئەمەش زیان بە تەندرووستی و خزمەتی کڵێساکە دەگەیەنێت. چونکە پیرانی کڵێسا زۆر ماندوو دەبن و ڕەنگە بۆیان قورس بێت بە باشی کڵێساکە بەڕێوە ببەن.

بۆیە بە درێژایی مێژوو زۆرێک لە کڵێساکان بە ژیرانەیان زانیوە کە بەشێک لە بەخشینەکانیان بەکاربهێنن بۆ ئەوەی لایەنیکەم پاڵپشتی دارایی لە یەکێک لە پیرەکانیان بکەن (یانیش زیاتر لە پیرێک ئەگەر بتوانن) بۆ ئەوەی بتوانن بە پارتتایم یان فولتایم بۆ کڵێساکە کار بکەن. مەبەست لەم مووچەیە ئەوە نییە کە ئەو کەسە بووەتە پیر بۆیە پارە وەردەگرێت. نەخێر، بەڵکو مەبەست لە مووچەکە ئەوەیە کە ئەم پیرانە کاتەکانیان تەرخان بکەن بۆ خزمەتی کڵێسا و رابەرایەتیکردنی کڵێساکە.

هەموو پیرێک مووچە لە کڵێسا وەرناگرێت، چونکە وەک باسکرا پیرەکان بۆ پارە لە کڵێسا خزمەت ناکەن. کڵێساکەمان هەوڵدەدات تا ئاستێکی دیاریکراو پشتگیری دارایی لایەنیکەم لە پیرێک بکات تا بتوانێت کاتەکانی بە تەواوی تەرخان بکات بۆ سەرپەرشتیکردن و رابەرایەتیکردنی کڵێساکە. ڕەنگە ئەمە کاتێکی زۆری بوێت تا بگەینە ئەو ئاستەی کە لە رووی داراییەوە پشتگیری دارایی پیری کڵێساکە بکەین. بەڵام بێگومان ئێمە بە پێی توانای خۆمان کار بۆ ئەم ئامانجە دەکەین. ژیرانە و تەندروست نییە کە کڵێسایەک دەستبەرداری بەرپرسیارێتی خۆی بێت بۆ پشتگیریکردنی  دارایی یەکێک لە پیرەکانی و بەردەوام پشت بە یارمەتی دارایی دەرەوەی کڵێسا ببەستێت. ئەگەر کڵێسایەک بەڕاستی گرنگی بە تەندرووستی و گەشە و فێرکارییەکانی بدات دەبێت بەپێی توانای خۆشی پشتگیری دارایی پیرەکەی بکات.

## تا کەی کەسێک دەتوانێت وەک پیر خزمەت بکات؟

کتێبی پیرۆز هیچ ماوەیەکی دیاریکراوی دانەناوە دەربارەی ئەوەی کەسێک بۆ ماوەی چەند دەتوانێت وەک پیر خزمەت بکات. هەرچەندە زۆرێک لە کڵێساکان بە ژیرانەیان زانیوە یاسایەک لە کڵێساکانیاندا دابنێن بۆ ئەوەی دوای چەند ساڵ جارێک، پیرەکان دووبارە دەنگیان لەسەر بدرێتەوە لەلایەن ئەندامانەوە تا وەک پیر بەردەوام بن لە خزمەتکردن. مەبەست لەم دووبارە دانانەوەیە بۆ دڵنیابوونەوە و زانینی ئەوەیە کە ئایا بەڕاستی ئەم پیرە بە ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی خۆی هەستاوە لە ماوەی رابردوو، یان تەمبەڵ بووە و تەنها ناوی پێگەکەی هەڵگرتووە بەبێ ئەوەی بە بەرپرسیارێتییەکانی خۆی هەڵبستێت وەک پیرێک. لەسەر ئەم بنەمایە، بۆ کڵێساکەمان هەر سێ ساڵ جارێک پیرێک لەلایەن ئەندامانەوە رێگەی پێ دەدرێت بەردەوام بێت یان نا.

## چۆن پیرێک لا دەبردرێت لە پێگەکەی؟

یەکەم تیمۆساوس ٥: ١٩-٢٠ ڕێنمایی دەدات سەبارەت بەم بابەتە. ئەگەر هەر دوو ئەندامێک کە هۆکارێکیان هەبێت لە پشت ئەو باوەڕەی کە پێیان وایە دەبێت ئەم پیرە دووربخرێتەوە لە ئەرکەکەی، ئەوا دەبێت ئەم بابەتە بە هەند وەربگیرێت و لەلای پیرەکانی تر باس بکرێت، ئەگەر پێویستیش بکات لەلای ئەندامەکانی تریشەوە باس بکرێت. دەبێت پرۆسەی لابردنی پیرێک بەپێی ڕێنماییەکانی پەروەردگارمان بێت وەک لە

مەتا ١٨: ١٥-١٧ هاتووە. دوای ئەوەی هەنگاوەکان گیرانەبەر، ئەگەر پێویستبوو، ئەوا پیرەکە بە بڕیاری ئەندامان لە کۆبوونەوەی ئەندامان لە پۆستەکەی دوور دەخرێتەوە.

## پرۆسەی هەڵبژاردنی پیرێک لە کڵێساکەماندا چۆنە؟

پرۆسەی هەڵبژاردنی پیر لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە ئەنجام دەدرێ:

- نوێژی چڕوپڕ، چ بە شێوەیەکی تاکەکەسی و چ بە شێوەی کۆبوونەوەی کڵێسایی دەبێت بەشێکی دانەبڕاو بێت لە پرۆسەی هەڵبژاردن.
- پێویستە هەموو کاندیدەکان بە نیعمەت و میهرەبانی و ڕاستگۆییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت لەلایەن ئەندامانەوە.
- پێویستە پرۆسەی هەڵبژاردن هەڵگری ڕۆحیەتی متمانەکردن بە یەکتری و کراوەیی و ڕەچاوکردنی خۆشەویستیانە بێت.

هەنگاوەکانی پرۆسەکە بەم شێوەیەن:

- پیرەکان بەدوای ئەو پیاوانەدا دەگەڕێن کە بە خواناسییەوە دەژین و دڵسۆزن بۆ کڵێسا و بە تامەزرۆییەوە کەسانی دیکە دەکەنە قوتابی مەسیح بەبێ ئەوەی ناونیشان و پێگەی پیریان هەبێت.

- پیرەکان یارمەتی ئەم جۆرە کەسانە دەدەن لە گەشەکردنی زیاتر لە رووی کەسایەتی و زانیاری و لێهاتوویەوە تا ئامادەبن وەک پیر لە کڵێساکە خزمەت بکەن.

- پیرەکان پرۆسەی چاوپێکەوتنێکی فەرمی لەگەڵ ئەو کەسەدا ئەنجام دەدەن سەبارەت بە ژیان و بیروباوەڕەکانیان بۆ ئەوەی بزانن ئایا ئەوان شایستەی خزمەتکردنن وەک پیرێک یان نا.

- دوای چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسە، ئەگەر پیرەکان ڕێککەوتن کە ئەو کەسە شایستەی ئەوەیە وەک پیر خزمەت بکات، پاشان ئەو کەسە بۆ ئەندامان پێشنیار دەکەن تا وەک پیر پەسەند بکرێت.

- دوای پێشنیارکردنی ئەو کەسە وەک کاندید بۆ پێگەی پیر، کات دەدرێت (نزیکەی دوو مانگ) بە ئەندامان کە بیر لەوە بکەنەوە ئەم کەسە وەک پیر وەربگرن یان نا. لەم ماوەیەدا پێویستە ئەندامان نوێژ لەسەر ئەم پرس و بڕیارە بکەن و لەگەڵ کاندیدەکە و پیرەکان قسە بکەن تا باشتر بیناسن. هەروەها ئەگەر هەر نیگەرانییەکیشیان هەبوو دەتوانن لەگەڵ ئەو کاندیدە یان پیرەکان قسە بکەن.

- لەو ماوەیەدا ئەگەر هیچ هۆکارێک نەخرا ڕوو کە ڕێگری لە کاندیدەکە بکات وەک پیر خزمەت بکات، ئینجا لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنداماندا، ئەم کاندیدە بە فەرمی وەک پیر دەستنیشان دەکرێ.

- ئەو کەسە لە کۆبوونەوەیەکی کڵێسادا وەک پیر دەناسێنرێت.

## پرۆسەی پشکنینی کاندیدەکە بۆ پێگەی پیر

پێش ئەوەی کەسێک وەک کاندیدێک بۆ پێگەی پیر پێشنیار بکرێت لە کۆبوونەوەی ئەندامەاندا، پیرەکان چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ئەو کەسەدا ئەنجام دەدەن کە تێیدا ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەکەن بۆ ئەوەی ئەوەیان بۆ دەرکەوێت ئایا ئەو کەسە شایستەی ئەوەیە وەک پیر خزمەت بکات.

١) باسی لە دایکبوونەوەت بکە، چۆن گەشەکردن و تۆبەکردنت لە ژیانی خۆتدا بینیوە.

٢) باسی مێژووی بەشداریکردنت لە کڵێساکان بکە لە ڕابردوودا پێش ئەوەی کە بێیت بۆ کڵێسای ئیمانوێڵ.

٣) ئایا ئارەزووی ئەوە دەکەیت ببی بە پیر (یەکەم تیمۆساوس ٣: ١)؟ بۆچی؟

٤) ئەگەر هاوسەرگیریت کردووە، ژنەکەت ڕای چۆنە لەسەر ئەوەی وەک پیرێک خزمەت بکەیت؟

٥) بەپێی تێگەیشتنی تۆ، بەرپرسیارێتی پیرێک چییە؟

٦) ئایا کاتی پێویستت هەیە بۆ جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتییەکانت وەک پیر؟ (وەک نوێژ، سەردان بۆ لای ئەندامان وەک پیرێک، گفتوگۆی تەلەفۆنی، وتاردان و فێرکاری پێویست، حاڵەتە فریاگوزاریەکان و کۆبوونەوەی پیرەکان)

٧) ئایا هیچ بارودۆخێکی تایبەت هەیە لە کارەکەت یان لە خێزانەکەت یان لە خشتەی ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی ژیانت بەگشتی کە خزمەتکردنت وەک پیر قورس بکات؟

٨) ئایا هیچ پلانێکت هەیە بۆ جێهێشتنی کوردستان یان هەولێر یان کڵێسا؟

٩) ئایا ئاساییە لەلات کە لەلای خێزانەکەت، هاوڕێکانت، یان دراوسێکانت وەک باوەڕدار بناسرێیت؟ هەروەها زیاتر لەوەش، ئامادەی وەک پیرێک لە کۆمەڵگادا بناسرێیت؟

١٠) ئایا باوەڕت وایە هۆکارێک هەبێت کە هەست بکەیت نابێت وەک پیرێک خزمەت بە کڵێسا بکەیت؟ ئەگەر هەیە، چییە؟

١١) هیچ بوار یان لایەنێک هەیە کە پێویست بکات گەشەی تێدا بکەیت تا باشتر خزمەت بە کڵێسا بکەیت وەک پیرێک؟

١٢) باسی کردار و باوەڕت بکە لەم بوارانەی خوارەوە:

- خوێندنەوەی ڕۆژانەی کتێبی پیرۆز (ئایا تەواوی کتێبی پیرۆزت خوێندووەتەوە؟)
- نوێژ
- رابەرایەتیکردنی خێزانەکەت لە پەرستشدا
- لەبەرکردنی کتێبی پیرۆز
- خوێندنەوەی کتێب بۆ گەشەکردنی خودیی
- گرنگیدان بە ئەندامان و تەلەفۆن لەگەڵ کردن و سەردانکردنیان
- مزگێنیدان بە بێباوەڕان

١٣) ئایا بە بەردەوامی بەشداری هەموو کۆبوونەوەکان دەکەیت (کۆبوونەوەی سەرەکی، کۆبوونەوەی نوێژ، و کۆبوونەوەکانی ئەندامان)؟

١٤) پیر دەبێت گلەیی لەسەر نەبێت (یەکەم تیمۆساوس ٣: ٢)

- ئایا ئاگاداری ئەوەی کە کەسێک یان کەسانێک هەن گلەییان لێت هەیە؟
- ئایا دەتوانیت باسی کاتێک بکەیت لە رابردوودا کە "گلەییت لەسەر بووبێت؟"

١٥) پیر دەبێت  مێردی یەک ژن بێت و بۆی دڵسۆز بێت (یەکە تیمۆساوس ٣:٢)

- تا ئێستا سێکست لەگەڵ کەسێک کردووە کە هاوسەرت نەبووبێت؟
- چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ئافرەتانە دەکەیت کە خێزانت نین لە پێناو پاراستنی خۆت لە گوناە؟
- تا ئێستا روویداوە کە لە هاوسەرەکەت جیابوویتەوە (تەڵاق)؟ ئەگەر وایە بە چ هۆکارێک بووە؟
- تا ئێستا سەیری پۆرنۆگرافیت کردووە؟
- ئایا لە ساڵی ڕابردوودا سەیری هیچ وێنەیەکی پۆرنۆگرافیت کردووە؟
- چۆن هەوڵ دەدەیت خۆت لە پۆرنۆگرافی بپارێزیت یان بە ئارەزوو (شەهوەت)ەوە سەیری ژنان نەکەیت؟

١٦) پیر نابێت توندوتیژ و شەڕ فرۆش بێت (تیتۆس ١: ٧).

- ئایا کە تووڕە دەبیت لە ژن یان منداڵەکانت دەدەیت؟ یان قەت روویداوە کە لە تووڕەییدا لە ژن یان منداڵەکانت بدەیت؟

١٧) پیر دەبێت میواندۆست بێت (١ تیمۆساوس ٣: ٢)

- پێت وایە میواندۆستی مانای چییە؟
- چۆن میوانداری خەڵک دەکەیت؟ چەند جار (رۆژانە، هەفتانە، مانگانە)؟ لەگەڵ کێ؟
- هیچ جەدوەلێکت هەیە بۆ سەردانیکردن و میوانداریکردنی خەڵک؟

١٨) پیرێک دەبێت کەسێک بێت کە ئەوانی تر بکاتە قوتابی مەسیح و یارمەتیان بدات گەشە بکەن لەگەڵ مەسیح. (مەتا ٢٨: ١٩-٢٠)

- پێت وایە کردنی کەسێک بە قوتابی مەسیح چیە و چۆنە؟
- باس لەوە بکە کە لە ئێستادا چۆن خەڵک دەکەیتە قوتابی مەسیح.

١٩) پیر نابێت سەرخۆش بێت (یەکەم تیمۆساوس ٣: ٣)، خێرا تووڕە بێت (تیتۆس ١: ٧)، دەبێت خۆڕاگر بێت (تیتۆس ١: ٨)

- ئایا هیچ ئاڵوودەبوونێکت هەیە (مەی، جگەرە، نێرگلە، ڤەیپ، پۆرنۆگرافی، خواردن، دەرمان، قومار و هتد)؟
- پێت وایە خواردنەوەی مەی گوناهە یان نا؟
- ئایا مەی دەخۆیتەوە؟
- ئەگەر دەیخۆیتەوە، ئایا بە حیساب دەیخۆیتەوە یان نا؟ ئایا بە جۆرێک دەیخۆیتەوە کە نەبیتە هۆکار ئەوانی تر بکەونە ناو گوناهەوە؟ یان ئەوان واببینن کە تۆ لە گونهادایت؟
- ئایا لە دوازدە مانگی ڕابردوودا قەت روویداوە کە سەرخۆش بیت، یان پێت گوترابێت کە سەرخۆشیت؟ کاردانەوەت بۆ ئەوە چی بووە؟
- باسی تووڕەیی خۆت بکە. دوایین جار کەی بوو لە شتێک یان کەسێک تووڕە بوویت؟ چ شتێک تووڕەت دەکات؟ چۆن مامەڵە لەگەڵ تووڕەیی خۆت دەکەیت؟
- خووەکانت چین لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا یان سەیرکردنی تەلەفزیۆن؟
- خووی خەوتن و هەستان لە خەوت چییە و چۆنە؟
- کاتی بەتاڵت چۆن بەسەر دەبەیت؟
- حەز و خولیاکانت چین؟

٢٠) پیر نابێت حەزی لە پارە بێت، یان عاشقی پارە بێت (یەکەم تیمۆساوس ٣:٣)

- ئایا ڕازییت کە وەک پیرێک خزمەت بکەیت و هیچ مووچەیەکیش لە کڵێسا وەرنەگریت؟
- باری داراییت چۆنە؟
- ئایا هیچ قەرزێکت لەسەرە؟ ئەگەر هەیە، چەندە؟ هیچ پلانێکت هەیە بۆ دانەوەی ئەو قەرزە.
- چۆن باری دارایی خۆت بەڕێوە دەبەیت؟ ئایا بودجەت هەیە و پێیەوە پابەند دەبیت؟
- ئایا بە شێوەیەکی گونجاو پێداویستییەکانی داهاتووی خێزانەکەت دابین دەکەیت؟
- ئایا دە یەکی (یەک لەسەر دە)ی داهاتت دەبەخشیت بە کڵێسا؟ چەند ساڵە لەسەر ئەم جۆرە بەخشینە بەردەوامیت؟
- جگە لە بەخشینی ئاسایی خۆت (دە یەک بە کڵێسا)، هیچی تر دەبەخشی بە کەسانی تر یان خزمەتەکانی تر یانیش کڵێساکانی تر؟

٢١) پیر دەبێت نەرم و نیان بێت نەک شەڕفرۆش (یەکەم تیمۆساوس ٣: ٣)

- ئایا لەساڵی ڕابردوودا هیچ شەڕ و ناکۆکیت هەبووە لەگەڵ کەسێک لە کڵێسا یان لە دەرەوەی کڵێسا؟ ئەگەر وایە شەڕ و ناکۆکییەکە لەسەر چی بووە و چۆن چارەسەرتان کردووە؟
- نموونەیەک بهێنەوە کە چۆن لەم دواییانەدا نەرم و نیانیت لەگەڵ کەسێکدا نیشانداوە؟
- چۆن خۆت لە درووستبوونی ناکۆکی بەدوور دەگریت؟
- نموونەیەک لەژیانی خۆت بهێنەوە کە لە ناکۆکییەک خۆت بە دوورگرتووە.
- ئایا لە ساڵی ڕابردوودا هیچ ڕەخنەت لە بڕیارێکی پیرەکان یان خزمەتکارانی کڵێسا گرتووە؟ ئەگەر کردووتە، ئەو ڕەخنەیە چی بوو و چۆن بەدواداچوونت بۆی کردووە؟

٢٢) پیر نابێت تەماح بێت و چاوی لە ماڵ و نامووسی خەڵک بێت (دەرچوون ٢٠: ١٧)

- لە چ شتێکی ژیانتدا قەناعەتت نییە؟
- پلان و ئامانجەکانت لە پیشەکەت چین؟
- پلان و ئامانجەکانت بۆ خێزانەکەت چین؟

٢٣) پیر دەبێت ماڵەکەی خۆی بە باشی بەڕێوە ببات و منداڵەکانی بەویەڕی ڕێزەوە ملکەچی بن (یەکەم تیمۆساوس ٣: ٤-٥)

- چۆن باسی کوالێتی ژیانی هاوسەرگیریت دەکەیت؟
- چۆن رابەرایەتی ژنەکەت دەکەیت و گرنگی پێدەدەیت لە ڕووی ڕۆحییەوە؟
- چۆن یارمەتی ژنەکەت دەدەیت و بە شێوەیەکی کردەیی خزمەتی دەکەیت؟
- ئایا تۆ و هاوسەرەکەت لەسەر شتەکان دەمەقاڵێ دەکەن؟ چۆن پێکەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخانە دەکەن؟
- چۆن رابەرایەتی منداڵەکانت دەکەیت و گرنگیان پێ دەدەیت لە ڕووی رۆحییەوە؟
- چۆن منداڵەکانتان ڕاست دەکەنەوە؟ نموونە بهێنەوە.
- ئایا منداڵەکانتان ڕێزتان لێدەگرن؟
- ئایا ئێستا منداڵەکانتان لەگەڵ یەزدان دەڕۆن؟ ئەگەر نا، چی دەکەیت لەو بارەیەوە؟

٢٤) نابێ پیر لووتبەرز بێت (یەکەم تیمۆساوس ٣: ٦)

- باسی نموونەیەک لە ژیانت بکە کە گوناهت کردووە و دەبوایە ئاشت ببیتەوە و لە برایەک یان خوشکێکت خۆش بببیت.
- ئایا هیچ ناکۆکییەکی چارەسەرنەکراوت لەگەڵ کەسێک هەیە لە کڵێسای ناوخۆیی ئێمە؟ یانیش هەر کەسێکی تر لە دەرەوەی کڵێساکەمان، باوەڕدار و بێباوەڕ؟

- ئایا کەسێک دەناسیت کە بانگەشەی ئەوە بکات کە لەگەڵت ئاشت نەبووەتەوە؟ یان رقوکینەی بەرامبەرت هەیە؟

٢٥) پیر دەبێت لەلایەن کەسانی دەرەوە بە باشی بیری لێبکرێتەوە (یەکەم تیمۆساوس ٣: ٧)

- هیچ کەسێک هەیە لە دەرەوەی کڵێسا کە تێڕوانینێکی خراپی بۆ تۆ هەبێت؟ ئەگەر هەیە، بۆچی؟
- ئایا تۆ پەیوەندیت بە هیچ گروپێکەوە هەیە (بۆ نموونە سیاسی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، پیشەیی) کە ڕەنگە لەلایەن کەسانی دیکەوە بە گوماناوی سەیر بکرێت؟ ئەگەر هەیە تکایە باسی بکە.

٢٦) پیر دەبێت دەست بە پەیامی متمانەوە بگرێت کە بەگوێرەی فێرکردنە (تیتۆس ١: ٩)

- ئینجیل چییە؟
- ئایا هیچ شتێک هەیە لە بەیاننامەی باوەڕی کڵێسای ئیمانوێلی ئینجیلی کە لەگەڵیدا ناکۆک بیت؟

٢٧) پیر دەبێت ڕێنمایی لەسەر بنەمای پەیامی ڕاست بدات و سەرزەنشتی ئەوانەش بکات کە دژایەتی ئەم پەیامە ڕاستە دەکەن (تیتۆس ١: ٩)

- نموونەیەک لە ژیانی خۆت بهێنەوە کە کەسێکت سەرزەنشت کردبێت سەبارەت بە کردارێکی یان باوەڕەکەی؟ ئەزموونەکەت چۆن بوو؟

٢٨) تکایە بۆچوونەکانت لەسەر ئەم بابەتانەی خوارەوە باس بکە:

- لەباربردنی منداڵ
- هاوڕەگەزبازی
- ڕۆڵی ژنان لە کڵێسادا
- جیابوونەوە و هاوسەرگیری دووبارە
- ئەرکی کڵێسای ناوخۆیی
- ڕێگەدان بە بیانییەکان بۆ هاتنە کڵێسا یان بوونە ئەندام، قەشە، خزمەتکار لە کڵێسادا. تا چ ئاستێک ئەمانەت لە لا ئاساییە؟
- لەگەڵ گەورەبوونی کڵێساکە، پلانەکانت یان هیواکانت چی دەبن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گەشەکردنەکەدا؟
- ئایا هیچ پلان و هیوایەکت هەیە سەبارەت بە درووستکردن و دامەزراندنی کڵێسا لە هەولێر یان شارۆچکەکانی تری کوردستان؟

- بەهرە ڕۆحییەکانی وەک زمانی ڕۆحی و پەرجووی چاکردنەوەی نەخۆش، هەروەها پێشبینیکردن و خەون بینین و لێکدانەوەی.
- چۆن ئامۆژگاری دایک و باوکی منداڵێکی بچووک دەکەیت کە دێنە لات تا منداڵەکەیان لە ئاوهەڵبکێشیت؟
- ڕوانگەی تۆ چییە لەسەر وەرگرتنی پشتگیری لە دەرەوە بۆ خزمەتەکان لە کڵێسادا؟

٢٩) هیچ شتێک هەیە کە حەز بکەیت لە کڵێسادا لە پێشینە بێت؟

٣٠) ئەو شتانە چین کە حەز دەکەیت بیگۆڕیت لەبارەی کڵێساکەمانەوە؟ ئایا هیچ ڕێوەرەسم یان ڕێگەیەک هەیە لە کڵێساکەماندا کە حەزبکەیت بگۆڕدرێت؟

٣١) هیچ بڕیارێکی پیرەکان هەبووە کە تۆ هاوڕا نەبوبیت و ناکۆک بووبیت لەگەڵیان؟

٣٢) ئایا هیچ جیاوازییەکت هەیە لەسەر هەر بەباتێکی پەیوەست بە باوەڕ لەگەڵ یەکێک لە پیرەکانی کڵێسا؟

٣٣) ئایا بە دڵ و گیان لەگەڵ شێوازی بەڕێوەبردنی کلێساکەمان دایت؟ (بۆ نموونە پرۆسەکانی ئەندامێتی، لەئاوهەڵکێشان، نانلەتکردن، راستکردنەوەی ئەندامان و لێسەندنەوەی ئەندامێتییان ئەگەر پێویست بوو، دەسەڵاتی ئەندامان، هەڵبژاردنی پیر و خزمەتکاران)

٣٤) ئەگەر تۆ وەک پیرێک پێشکەش بە کڵێسا بکرێیت، پێت وایە هیچ ئەندامێک هەبێت بەمە رازی نەبێت؟